مەندەلاوی جەخت لە جەبەجەکردنی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران دەکاتەوە

ئەمە دووشەمە، موحسین ئەلمەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرکی ئەنجوومەنی نوێنەران، جەختی لەسەر پێرەشی جەبەجەکردنی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکانی نێوان عێراق و ئێران و کاراکردنی لیژنەکانی پەرلەمان کردەوە. نووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرۆک پەرلەمان لە ڕاگەیەنراوەکدا بڵاویکردەوە" موحسین مەندەلاوی، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بە وەکالەت، و شاندی پەرلەمانی یاوەری، کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ جێگری سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران، محەمەد موخبەرسازکرد، بە تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ و هاوبەش. هەروەها وتی" شاندی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر ڕێگاکانی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ئاستە جیاجیاکاندا کرد، هەروەها بەردەوامبوون لە ئاوگۆڕی سەردانە تەکنیکی و کارگێڕییەکان بە کردنەوەی ئاسۆی فراوانتر بە هاوکاریکردن لە بوارەکانی وزە و ئاو وکشتوکاڵ و پەروەردە و گەشتیاری ئایینی. بەپێ ڕاگەیەندراوەکە مەندلاوی جەختیشی لەوە کردەوە کەئەنجوومەنی نوێنەران بە وردییەکی زۆرەوە بەدواداچوون بە کاراکردنەوە و جەبەجەکردنی ڕێککەوتنە دووقۆڵییەکان دەکات لەسەر ئاستی سیاسی و پەرلەمانی وئابووری و ئەمنی، جگە لە کاراکردنی کاری لیژنەکانی پەرلەمان و حکومی کەلە قەناغەکانی پێشوودا پێکهاتبوون، لە هەمان کاتدا داوای کردووە پشکی ئاوی عێراق زیاتربکرێت، و پێویستە هەوڵستەکی یەکگرتوویی عەرەبی و ئیسلامی لە دژی

تاوانەکانی جینۆسایدی زایۆنیستەکان لە غەززە هەبێت. لەلای خێوە موخبەر ستایشی هادی لەکنزیکبوونەوەی نەوان هەردوو وەاتی دراوسێی کرد و جەختی لەوە کردەوە کەعەراق سیاسەتەکی ژیرانەی هەیە و توانایەکی گەورەی هەیە بە بەدیهێنانی هاوسەنگی لە ناوچەکەدا. هەروەها هەوڵەکانی مەندەلاوی و ئەو بانگەوازەی بەرز نرخاند کە وەک سەرکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی بە وەکالەت کردبووی بە ئەنجامدانی دانیشتنەکی بەپەلەی پەرلەمانە عەرەبییەکان سەبارەت بە فەلەستین.